# له هەولێر رێگه له خۆپیشاندانێككي جەماوەري دەگیرێت

هەولێر، ئاسۆ: لە هەولێر خوپیشاندانێکی جەماوەری رێکخرا بۆ خستنە رووی هەندێک داواکاریء هێزەکانی ئاسایشییش یەکێک لە پەیامنێرانی ئاسۆ لە هەولێرء 32 خۆپیشاندەر دەستگیر دەکەنء بڵاوە بە خۆپیشاندەران دەکەن.

ئێوارەی دوێنیَ سەدان هاووڵاتی لە شەقامی سیراوانی شاری هەولێر خۆپیشاندانێکیان رێکخست بە مەبەستی خستنە رووی چەند داواکارییەک لەوانە.........، بەڵام هێزەکانی ئاسایشی هەولێر بە هێزێکی زۆرەوە رژانە ناوچەکەء رێگەیان لە خۆپیشاندانەکە گرتء 32 کەسیان لە خۆپیشاندەران دەستگیر کرد ء بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کرد. هەروەها بڵند مستەفا یەکێک لە پەیامنێرانی ئاسۆ لە هەولێر کە لەگەڵ تیمی ئاسۆ لە شوێنی خۆپیشاندانەکە بووە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێتء دواتر ئازاد دەکرێت خۆپیشاندانەکە لە لایەن گروپی گەنجانی پەرلەمانی سەرشەقامەوە رێکخرابوو، کە ماوەی یەک هەفتەیە ئامادەکارییان بۆ کردبووء تا ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکەش ئاسایشی هەولێر مۆڵەتی نەدابوون رێپێوانەکە ئەنجام بدەن.

*2005 / 11 / 2*